# کادر

گۆڤاریکی رۆشنبیری خولیه ، مەکتەبی سیاسی ی
پارتی دیموکراتی کوردستان دەری ئەکا

ژمارە ٣　　　　تشرینی دو　　　　١٩٦٨

## ناوەندایەتی ی دیموکراسي

حزب بریتی نیە لەکومەلیك ئەندامو بەس ، بەلکو قەوارەییکی ئەندامەتی یەکگرتوە کەلەسەر بروایيکی دیار کراو دامەزراوەو تیکەلە لەسەر کردایەتی وشانەکانی خوارو (قەواعد) ، یەکگرتنێکە لەنیوانی سەرکردایەتی گشتی (کۆمیتەی ناوەندی) وریکخراوەکانی حزب بە هەمو پایەکانی یەوە وکومەلی ئەندامان ، لەسەر بناخەی مبدأیکی دیاری کراوی ناوەندایەتی دیموکراتی لەناو حزبا ... سێ ئەندامی پارتی لەکارگەییکا یالەگوندیکا بن ، لەخـۆرا نابن بەریکخراوی حزبی ، ئەبێ لەسەر ناوەندایەتی دیموکراتی ریك بخرێن، لەباری ئاسایی دا یەکیك لەو سێ یانە ئەبیتە (ریکخەر) ودوانەکانی تر بە ئەندام ، واتا لەهەمو هەلسورانیکیانا سەرکردەییك و دو ئەندام بن ، ئەوسـا ئەوشانەیە بەریکخراویکی حزبی ئەژمیردرێ ، ئەم جـورە ریکخستنە هیزیکی نوێ پیك ئەهینێ ، چونکو هیزی حزب بەریکخستنەوەیە .

پروگرامـی ناو خوی پارتی ئـەلی ، ناوەندایەتی دیموکراتی ناوەندا یەتی‌ییکە کەلەسەر بناخەی دیمو - کراسی دامەزرابێ ولەهەمان کاتا دیموکراسی بێ لەژیر سەرکردایەتی ی ناوەندی‌دا ، واتا لەیەك کاتا دیموکراسی یەو ناوەندایەتیشە ... شیوەی ناوەندایەتی ی دیموکراسی پەیوەندی نیوانی سەرکردایەتی‌و ئەندامەکان لەریکخرا- وەکانی ژورو وخواروی حزباو لەنیوانی ئەندامـەکانا بە جیا جیا ، هەر وەها لەنیوانی حزبو کۆمیتەی ناوەندی وریکخراوەکان بەتیکرایی لەلاییك وئەندامـانی حزب لەشانەکانی خواروداا لەلایەکی ترەوە دیاری ئەکا ،

### «دیموکراسی چیە»

کە ئەلیین ناوەندایەتی لەسەر دیموکراسی دانراوە ، مەبەستمان چیە ؟ مەبەست ئەوەیە کە دەزگای سەرکردا- یەتی بەشیوەییکی دیموکراسـی‌یانە لەلایەن ئەندامانەوە

بروانە لاپەرە ٣

## لەبارەی کادرەوە

لە دێ ژمارەی پێشومانا بەدرێژی باسی کادرمان کردو لەو ئەرکانە دواین کە ئەکەویتە سەرشاني، ئەو مەرجانەمان دیاری کرد کە ئەبێتە هوی پێشکەوتن‌و سەرکەوتني . بەلام چونکو کادر بەردی بناخەو باسکی هەلسورانی پارتیمانە ، پیویستە زیاتری لێ بدوێین هەتا کادرەکانمان بەباشی لەباری ئیستای شـورشـەکەمان شارەزابن‌و ئەو کۆســپانە بەدی بکەن دیتەرێیان بولابردنی وچارکردنیان .

کادر ئاوێنەیێکە بیرو رای سەرکردایەتی بوخەلك تیا ئەنوێنێ‌و گیرو گرفتی گەلیش پیشانی‌سەرکردایەتی ئەدا ، یائاشکراتر بلیین کادر ئالقەیەییکە گەل‌وپارتی ئەگەیەنیتەوە یەك. وتارو کرداری کادرو چالاکی‌یەکانی ئاراستەیی‌و زانستی پارتی پیشان ئەدا. لەریگای کادرەوە هاو نیشتمانان ئەتوانن دەنگ‌و رەخنەکانیان بگەیینن بە سەرکردایەتی پارتی‌و شـورش . جگە لەمانەش کادر بەهۆی ئیشەکەی خۆیەوە ئەتوانێ بچێتە ناو جەرگەی کۆمەلایەتی‌و بیروای پارتی‌یان تیا جێگیرکاو ببێتەهوی پتەو بونی نیوانی پارتی‌و هەمو رولەکانی گەل ، ئەوسا پارتی باشتر لە گیروگرفتەکاني خەلك ئەگات‌ودروشمی وابەرز ئەکاتەوە لەگەل داخوازی‌وئاواتی خەلکا ریك بکەوی .

کادری باش ئەوەیەکە رەوشت‌وخوی باش‌بی‌وبتوانێ لەگەل ئیشی رۆژانەیا بەرزترین خزمەت پێشکەش بکا، واتابەپێی توانای خوی هەول بدا بۆ سەرکەوتنی ئەو پروژەئابوري‌و کولەلایەتی‌یانە سەرکردایەتی شورش بەرنامەی بو ئامادە کردون، بەم هویەوەناوی‌پارتی بەرز ئەکاتەوەو زورترین ژمارەی هاونیشتمانان ئەهێنێتە ژێر ئالایەوە .

جا بو ئەوەی کادر بتواني باشترئەرکي خوی‌بەجێ بێنێ‌و چونکو لەژمارەکانی رابوردوی گوڤارەکەمانا

بروانە لاپەرە ٢

## پاشماوەی ـ لەبارەی کادرەوە

هەندیك لە ئەرکەکان هەرناویان هاتوەورون نەکراوە-
تەوە ، وا ئەگەرێینەوە سەریانو بەوردی لێی ئەدوێین :

١- ئاشکرایە کە پارتایەتی لە ناوچە ئازادکرا-
وەکانا جیایە لەگەڵ ئیشی ئەو ریکخراوانەی لەشوێنە-
کانی ژیر دەستی دیری‌دان . ئازادی‌ی ناوچە سەربەستە-
کان ماوەیێکی بەرفراوانی بۆ چالاکیێ پارتایەتی هەیە
بەتایبەتی کە پارتیمان لە شورشدا دەوری سەرەکی
ئەبینی ، بویە ئەبینین هەندێك لە کادرەکانمان لەگەڵ ئەم
باری سەربەستی تازەیەدا رانەهاتون ... نمونەییك بۆ
ئەمە پێکهینانی کوبونەوەی گشتی‌یە لەگوندو ناوچەکانا
کە پارتی‌و هی تریش تیـا بەشداربن وکادر بە درێژی
لەسەرەتاکانو رای پارتی بدوێوخەڵکە کە تێ بگەیێنی...
زوربەی کادرەکانمان ئەمەیان بەلاوە ستەمە چونکو
نەکردەنو هی وایان تیایە لەمەو پێش شتی وای‌نەدیوە .
بەلام‌ئەمە باشترین‌هۆیە بو گەیاندنی دروشمو سەرەتاکانی
شورش بەزورترین خەلکی گەلەکەمان بەزوترین کات .
ئەم جورە کوبونەوانە یارمەتی ئەدا بۆبەهێز بونی‌ورەی
خەلك کەشان بەشانی یەکتر لەکۆری شورش‌وخزمەتی
پارتی‌دا کەلەکە بکەن ... هەر بەم هویەشەوە کادر
ئەتوانی پەیوەندی سفتی خوی لەگەڵ ناحزبی‌یەدلسوزە-
کانا توند بکاو نیوانی دانیشتوانی گوندو ناوچەکەش‌لە
گەڵ یەکترا خوش بکا .

کادر نابی هەربەوەشەوە بوەستێ ، بەلکو دەست‌بداتە
هەندیك ئیش کە کەلکی گشتی تیابێ،وەکوخاوین کردنە-
وەی ناو گوندەکانو بەرز کردنەوەی پایەی لەشساغی‌و لە
ناو بردنی کێشەو دەمقالی خەلك بە ئاشت کردنەوەی
برایانەو لابردنی گیرو گرفتی ژیانو ئابوری رۆژانە
بەهوی هەرەوەزی یەکتر . کادر پیویستە بەراستی تێ
هەلچی بو سەرکەوتنی قوتابخانەو نەخوش خانەکان‌ولە
بەربەرەکانی نەخوێندەواری‌دا بەشداربێ ، بەشداربونی
کادر لەم جورە ئیشانەداریزی لای خەلك زیاد ئەکاو
قسەی برِ ئەکاو خەلك پر بەدلو بەبێ ترس بەقسەی
ئەکەن ، ئەمەش ریگا خوش ئەکا بۆ ئەوەی دەزگاکانی
پارتی لە خەلك نزیك ببنەوەو لە دەوری بئالین .

خراپ نیە دوبارەی بکەینەوە کەنابی ئیشی کادر
تەنیا ئابونە کوکردنەوە بێ‌لەگەڵ چەند چاوپێکەوتنێك
پیویستە کادر تێکەلاوی ئەو ئیشانەبێ کە خزمەتی راستە
وخوی خەلك‌ئەکاو ئەبێتەهوی‌ئەوەی هاونیشتمانان بروای
پێ بکەنو بو هەر ئیشێك رویان لێ‌بنێ پر‌بەدل بێن بە
دەنگیەوە ، کەیەکێك لەوانە ئابونەیە . ئەبێ خەلك
تێ بگەیینرێ ئەم ئابونەیە ئەرکێکی نیشتمانی‌و هاوکاری
یە بو درێژە دان بە تیکوشان هەتا گەیشتن بەئامانجی
گەلو شورشە پیروزەکەی .

٢- لەبارەی بەجی‌هینانی فەرمانەکانی دەستەی
سەرکردایەتی پارتی‌یەوە ئەلێین : کادرەکانمان ،لەم
بارەیەوە گەلێك جار توشی دو جورە هەلە ئەبن :
هەندیکیان هەر راسپێری‌و ئاموژگاری یێکی بویان بێ
بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە باری ناوخو ، کویرانە بەجێی
ئەهێنن ! ئەم ئیشە وشك‌و کویرانەیە جاری واهەیە
هەلبەزینەوەیێکی خراپی لێ رو ئەدا ، چونکو ئەو
فەرمانە لەگەڵ باری ناوچەکە دا ناگونجێ‌و ئەنجامێکی
خراپی لێ ئەوەشیتەوە ، بە تایبەتی بو بلاوکردنەوەو
چەسپاندنی بیروباوەری پارتایەتی. ئەمەلەلاییك‌ولەلاییکی
تریشەوە هەندێك کادر هەن کەفەرمانەکان بەپێی
ئارەزوو دلخوازی تایبەتی خویان بەجێ ئەهێنن ، بو
رەوا بونی ئەم ئیشە چەوتەشیان گەلیك برو بیانو
ئەدوزنەوە ! ئەمە بەرەڵلایی‌و دەرچون لەداببنی حزب
ولادان لەسیاسەتی گشتی پارتایەتی‌یەوزیانێکی زوری
هەیە بویەکیتی فکرو رێکخستن .

لەسەر کادرەکانمان پیویستە زیاتر وریای ئەو
خالانەبن کە باسمان کرد ، چونکو لادان لە ریبازە
راستەکەی پارتی ،چ بەلادان لە رای حزب‌وسوربونِ
لەسەررای خوی‌و چ بەهۆی بیرتەسکی‌یەوە کەنەتوانی
فکری پارتی باش وەربگری ، ئەبێتە هوی زیانێکی
زور بو سەرەتاکانمان ... خو بەپێچەوانە ئەگەر باش
ورد ببنەوەو بیر لە ئاموژگاری‌و فەرمانەکانی پارتی
بکەنەوە جادەمنت بدەنە بەجێ هینانی بەچەشنیك لەگەڵ
بەرژەوەندی پارتی‌و باری ناوچەکەدا بگونجێ‌و لە
گشت کاتیکا جەوهەری فەرمانەکە لەبەر چاو بگیرێ ،
ئەوە ئەوریگا راستەیە کەپیویستە پیابرۆین‌وسودی زوری
لی‌وەربگرین کە بریتی‌یە لە ریشە داکوتانی بیروباوەری
پارتی‌وکۆبونەوەویەکگرتنی خەلکی‌دلسوزی کوردستان
لە دەوری جولانەوە شورشگێری‌یە کەمانا .

بێگومان کادر لە هەندیك فەرمانو ئاموژگاری‌دا
رای تایبەتی خوی هەیەو وا ریك ئەکەوی رەخنەی ببی
بەرامبەر بە هەندیکیان . ئەم رای تایبەتی ورەخنەیە
نابی ببیتە هوی ئەوەی فەرمانەکە پشت گوێ بخا ،
بەلکو پیویستە لە سەری ئیشەکە جێ بەجێ بکاو لەهەمان
کاتا راپەریك بنوسی رای خوی تیا رون بکاتەوەو

بروانە لاپەرە ٧

## پاشماوەی - ناوەندایەتی

هەل ئەبژیردرێ ، مەبەست ئەوەیە کەشانەکانی خوارو یا نوینەریان بریارەکانی حزب یەکلایی ئەکەنەوە لەگەل ئەو سیاسەتانەی لەخوارەوە بەحۆریکی دیموکراسی یانە بو ناوەندی بەرز ئەکرینەوە ، جا دەستی پیوە ئەگیریو بەپالپشتی سفتی هەردولایان ئەهینریتەدی .

دەسەلاتی هەمو دەستەییکی حزب لەئەندامانی حزبەوەیە ، بویە دەستەی سەرکردایەتی بەنوینەرانی ئەندامان دەزگایەکی سەرکردایەتی ناوەندی بوهەمو کاروباریکی حزب پیك ئەهینێ و گوێ رایەلی بەسەر ریکخراوەکانی خواروو ئەندامانی حزبا ئەسەپێنێ. کۆلەکەی پروگرامی ناوخوی حزب بریتی یە لەگوێ رایەلی ئەندام بو ریکخراوو گوی رایەلی کەمایەتی بوزوربەوبەقسە کردنی ریکخراوەکانی خواروبو ریکخراوەکانی ژورو و گشت ریکخراوەکان بەتیکرایی بۆ کومیتەی ناوەندی .. ئەمە ئەوە ئەگەیێنێ کە ناوەندایەتی حزب لەسەر بناخەی دیموکراسی یەو لێی جیانابیتەوە، واتا شیوەی ئۆتۆکراتی یەکتایی نیە .

### « ناوەندایەتی چیە »

کە ئەلیین لەژیر سیبەری سەرکردایەتی ی ناوەندی دا، مەبەست ئەوەیە کەهەمو کوبونەوەییکی حزبی ئەبێ یەکێ لەدەزگا سەرکردایەتی یەکان داوای بکاو لەژیر سەرکردایەتی ییکی لەبارا پیك بێ. هەمو بریاریك پیو - یستە گەلالە کردنیکی تەواوو لیکۆلینەوەییکی وردو پروگرامیکی ناو خوی یەکگرتو ودابینی (زەبت)یکی یەکپارچەی لەپیشەوەبێ کە هەمو ئەندامەکان بەجی ی بینن و بەقسەی بکەن. ئەمە ئەوە ئەگەیێنێ کەدیموکراسیتی لەحزبا نەدیموکراسی بێ سەرکردایەتی ونەدیموکراسی بی سنورە ونەئاژاوەی ناوخوی حزبە ، ناوەندایەتی دیموکراسی ناوخوی حزب رژیمیکە کە سەرکردایەتی حزب لەگەل ئەندامەکانی شانەکانی خواروی حزبدا یەك ئەخا . یاباشتر بلیین کردەوەییکە بیروڕای شانەکانی خواروی حزب لیك ئەداو ریبازی کومەلانی خەلك دەرئەبڕێ لەناو حزبا .

### « کەلکەلەی زورە ملی ( نەزعەی ئیستبدادی ) »

هەندیك لەهەڤالان نازانن کەناوەندایەتی حزب لە سەر دیموکراسی دانراوە، بۆیەلەفەرمانی سەرکردایەتی - یانا لەدیموکراسی ناوخوی حزب لائەدەن ولەئەندامانی شانەکانی خواروی حزب دور ئەکەونەوە وئەمە ناو ئەنین ( ناوەندایەتی ) !.. ئەمانە لایان وایە سەرکردایەتی یەکەی ئەوان پیویستی بەپاکانەی ئەندامانی حزب نیەو خویان ئەتوانن ئەم دەسەلاتەیان بەسەرا بسەپینن ، وا ئەزانن پایەی سەرکردایەتی یەکەیان پیویستی بە هەلبژاردنو بروا پیکردنی ئەندامان وریکخراوانی خواروی حزب نیە ، پی یان وایە سیاسەت وبریارەکانیان ئەوەی ناوی کەلەشانەکانی خوارەوە بەشیوەیەکی دیموکراسی یانە بەرز بکریتەوە جا پەسند بکرێ ، بەلکو ئەتوانن بەزۆرە ملی بریار دەرکەن !.. واتە خویان لە ژورتری شانەکانی خوارو ئەگرن و نایانەوێ تیکەلاویان بن ، ئەوان فەرمان بۆحزب دەرئەکەن ، لەجیاتی ئەوەی لەناو حزبا ئیش بکەن وملی بۆ دەسەلاتی حزب راکیشن وسەری بو دانەوینن ، لوتیان لەراستی ریکخراوەکانی حزبەوە ئەکەنە ئاسمان !!. ئەوانە ئەیانەوێ بەناوی دیموکراسیتی ناوخوی حزبەوە بەسەر بەخویی وجیاواز لە ریکخراوەکانی حزب ئیش بکەن بەلام بەناوی ناوەندایەتی ناوخوی حزبەوە مافی دیموکراسی یانەی ئەندامان و ریکخراوەکانی خواروی حزب پێشێل بکەن .... راستی ئەوەیە کەئەمانە نەگوێ ئەدەنە دیموکراسی بو ئەندامەکانی خواری خویان ونەناوەندایەتی رائەگرن بەرامبەر بەلێ پرسراوەکانیان !.. لەکاتیکا لەسەر هەموان پیویستە گوێ رایەل بن وبریارەکانی زور بەیی چاودیری بکەن ودابینی حزب رابگرن ، ئەمانە چونکو سەرکردەن لایان وایە گوایا ئەتوانن بەپیچەوانەی ئەمە بجولینەوە .. ئەمانە گوێ نادەنە بنچینە بناخەیی یەکانی ریکخستن کە بریتی یە لەبەگوێ کردنی ئەندام بوریکخراو وملکەچی کەمایەتی بو زوربەو فەرمان هەلگرتنی ریکخراوەکانی خوارو بو ریکخراوەکانی ژورو ، وا ئەزانن یاساو بریارەکانی حزب بو ئەندامی ئاسایی یەوە سەرکردەکان ناگریتەوە !!.. ئەمە بروایی کی ئوتوکراتی ونادیموکراسی یە ئەمانە ئاید یۆلۆجی چینیکی خاوەن هاویرەمەنی (امتیاز) لەکومەلایەتی دا پیشان ئەدەن کەهەرگیز لەگەل ناوەندایەتی پارتیمانا یەك ناگریتەوە ، چونکو ئەمە لە ری لادانیکە هێشتا لەناو پارتیمانا ماوە وپیویستە لەرگەو ریشە هەل بکەنرێ .

### « دیموکراسی بەرەڵلا »

هەندیك هەڤالیش هەن نازانن کە دیموکراسی ناوخوی حزب دیموکراسی ییکە لەژیر سەرکردایەتی ناوەندیدا ، بۆیە کردەوەیان لەسەرکردایەتی وناوەندایەتی حزبو لەحزب بەتیکرایی جیا ئەکەنەوە ، ئەمانە گوێ نادەنە بارو بەرژەوەندە دورەکانی حزب بەگشتی، بەسەربەستی وبەبی گوێدانە دەستە بەرایەتی ناوخوی حزب

ئەجۆلینەوە وتەنیا بەرژەوەندورای تایبەتی خویان لەبەر چاو ئەگرن ، زەبتو رەبتی حزب راناگرن وبریارەکانی دەزگای ژورووی حزب بەدی ناهێنن ، هەمو وتارو کرداریان نارێکو ناسیاسی ونابنچینەیی‌یە !!.. هەندێ جار دەست ئەکەن بەهاشەو هوشە بو ئەوەی نارەزایەتی لەناوحزبا روبدا ، گەلێك جار رێگای پێچوپەنا وهەراو هوریا ئەگرن بێ ئەوەی مشوری ئەوە بخۆن کە بارێکی پرلەمەترسی وسەخت لەگۆڕایە .... ناکوکی‌یەکانی کاتی وبچوك لەنیوانی ئەندامانا ندا ئەکەنە بیانو کە گوایا گوێ نەدراوەتە پیشنیارەکانیان وبە گورجی رای لەسەر وەر ئەگرنو بەناوی ( زوربە ) وەمەبەستی خویان پیك ئەهێنن .

ئەم جۆرە فکرەی دیموکراسی بێ سنور لەناو پارتیمانا جی‌ی نابێتەوە ، مەترسی ئەم جۆرە فکرەیە لەوەدایە کەزیان لەرێکخستنی حزب ئەدا ، تیکی ئەداو ئەبیتە هۆی لاوازبونی‌و وزەی تیکوشانی لەناو ئەبا !... ریبازی زۆرە ملی‌ی نادیموکراسی ودیموکراسی بی سنور ، دو روالەتی سەرچلن لەژیانی ناوخوی حزبا، دیموکراسی بي سنور ئەنجامی زۆرە ملی نادیموکراسی‌یە ، واتا لە هەر شوینیکا ریبازی زورەملی‌رەچاو کرادیموکراسی‌بی سنوری لی پەیدا ئەبێ ... ئەم دوروالەتە هەردوکیان یەکیتی حزب تێك ئەدەن وپشت بەیەکتر بەستنی راستەقینە ئەشێوێنن ، بۆبەرگری لەرودانی ئەم روالەتانە وریایی تەواوی حزب پێویستە .

## « ئەبی لیژنەکانی حزب فراوانتر بکرین »

پیویستە لیژنەکانی حزب لەهەمو رادەکانا بەجوریکی وافراوان بکری وکەسانی وای بیتە ناو کە بتوانن بەسەر هەمولاییکی ئیشا ڕابگەن وکادری وایان تیابێ کە نیوانی لەگەل خەلکا زۆرباش بێ . لەناو هەمو لیژنەکانا بەپی‌ی پروگرامی ناوخو لیژنەییکی کارگیر پیك بێ کە سەرپەرشتی‌ی ئیشو کاری روژانە بکا ، ئەو لیژنەی کارگیرە ئەبێ کادری وای تیابێ کەبتوانێ سەرپەرشتی هەمولایەك بکا وببێتە بڕبڕەی سەرکردایەتی ریکخراو بۆ هەمو ئیشێك لەناوچەکەی خویا . لیژنەی سەرکردایەتی حزب ئەتوانێ لەکاتێ پیویستا یاریدەدەرێك یادوان دیاری بکا کە بەئاسانی سەرپەرشتی ئیشی حزبایەتی بکەن ، لیژنەکان لەهەر رادەییکا بن نابی هەڵسورانیان تەنیا راپەڕاندنی ئیشی حزبایەتي بێو بەس، بەلکو ئەبێ هەوڵ بدا ببیتەدەزگاییکی ئەوتۆ هەمو کاروباری ناو چەکە ئاراستە بکات . ئیشی ریکخستنی ناوخوی حزب تەنیا پارچەییکە لەئیشی لیژنەو ئەبێ بدریتە دەستي لیژنەی ریکخستن، هەربریارو نەخشەی ئیشکردنیك کە شیوەی گشتی پیوەبێ پیویستە لەکۆبونەوە گشتی‌یەکاني لیژنەدا لی‌ی بکۆلرێتەوەوپەسند بکرێ، کاتێ بەتیکرایي بریاری لەسەر درا ئەبێ ئەو کەسانەش دیاری بکرین کە جێ بەجێ‌ی ئەکەن .

## « پشتگیری رەخنەو رەخنە لەخوگرتن »

یەکێك لەکردەوەی بناخەیی‌و دیموکراسی ناوخوی حزبایەتی پشتگرتنی رەخنەو رەخنە لەخوگرتني ئەندامو کادرەکانە ، ئەبێ لەناو ئەندامو کادرەکانا گیانی هەست بەمسؤلیەت لە بارەی ئیشو سیاسەتی حزبەوە بەهێز بکریت ، ماوەبدرێن توانای بیر کردنەوەیان بخەنە کارورای‌خویان لەبارەی کیشەکانەوە بەپڕ کێشی‌دەربرن.

ئەوانەی دەزگای سەرکردایەتی حزب هەل ئەسورێنن لە هەر پایەیێکابن ئەبێ یەکەم کەس بن‌بو رەخنە لەخو گرتن لە کەموکوری‌و هەلەی ئیشەکانیان ئەبێ پێشرەوی کادرو ئەندامەکان بن بو گەلالە کردنی هەستیان لەرەخنە وەرگرتن بێ ئەوەی تورەببن یارەخنە گردەمکوت بکەن وسزای بدەن . تەنیا بەم شێوەیە ئەتوانین پشتگیری لە دیموکراسی ناوخوی حزب بکەین ئەگەر وانەبێ کونگرەو کونفرانسەکانی حزب هەر چەندە ریکوپێکیش بن هەرئەبنەچاوبەیەکتر کەوتنێکی وشکو نا دیمکراسی کە وتاری پڕ لە وەرەزی تیا دوپاتە ئەکرێتەوە ، گوێ گرتن لە بریارەکانو پەسند کردنیان ئەبێتە کردەوەیەکی روتینی ...

گەلێك لە هەڤالان کە لێ‌پرسراویشیان تیایە تا ئێستا نازانن کۆبونەوەییك بەرێوەبەرنو تیا سەرکەون ، بۆیە کوبونەوەکان زۆریان تێ ئەشکێنو بەرهەمیان کەم ئەبی . هەندێ جار کوبونەوە ئەبیتە بێگاریك لەسەر شانی ئەندامانی حزبو خەلك ،ئاشکرایەکەکوبونەوەی زیاد لەپێوست دیموکراسی لێ پەیدانابی ، کۆبونەوەکان ئەبێ باش ببرێن بەرێوەو بەگیانی دیموکراسی‌ورەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن برازێتەوە ...،

بەتاقی کردنەوەدەرکەوتوە هەرهەڤالیکی لێ‌پرسراو بەڕاستی رەخنەورەخنە لە خو گرتن بەکار بینی لە بەردەمی ئەندامانی حزبوخەلکا ، لەوشوێنەدا رەخنەو رەخنە لەخو گرتن پەرەئەسینی‌و برشتیان زور ئەبی‌و دەستەبەرایەتی ناوخو زیاد ئەکاو ئیشیان باش ئەبی‌و ئەتوانن‌بەسەر کەموکوری‌یەکانیا نازال‌بین، لەهەمان‌کاتیشا پایەی ئەو هەڤالە لێ پرسراوە لەجیاتی ئەوەي ←

نزم بیتەوە پتر بەرز ئەبێتەوە، گەلێك بەلگە هەیە بو سەلماندنی ئەم قسەیە لەناو حزب ولەناوخەلکیشا.

لەلایێکی تریشەوە ئەگەر هەڤالی لي پرسراو گیانی رەخنەو رەخنە لەخوگرتنی تیا نەبیو نەیەوی یانەوێری رەخنەی لێ بگیریو کەمو کوریو هەلەکانی دەربکەیو هەرخەریکي داپوشینیان بێ ، یاخو لەجیاتی پێخۆش بونو سوپاسی ڕەخنەگر سور هەلبگەرێو بەقسەی زبر وەلامی بداتەوەو بەشوین هەلا بگەری بو تولەلێ کردنەوەی .. ئەنجامی ئەم لێپرسراوە پێچەوانە ئەبێ ، لای ئەو دیمکراسیو رەخنە لەخۆ گرتن لە ناو ئەنداما نا پەرە ناسێنێو برشتیان زیاد ناکاو دەستەبەرایەتی نایەتەدیو کەمو کوریەکان لاناچنوئیش باش نابی ، سەرەرای ئەمەش پایەی ئەو هەڤالە لی پرسراوە نزم ئەبیتەوە.. بویە لەسەر هەمو لێ پرسراویك پیوستە لە هەر ریکخراویکی حزبا بێ ، دیموکراسی ناوخوی حزب بەهێز بکەنو بەرزی بکەنەوە ،

## «پیشکەش کردنی راپوری هەمیشەیی لەبەریوە بردنی ئیشو کارا»

دەستەی سەرکردایەتیو لیپرسراوانی حزب لەهەر پایەییکا بن پیویستە لە ماوەییکی دیاری کراوا راپوری ئیشوکاری خویان بدەن بە ئەندامانو ئەو ریکخراوانەی خوارو کە هەلیان بژاردون . ئەم جورە راپورانـە نابی تەنیا گیرانەوەی باری ئیستاو ئیشە جیبەجی کراوەکان باس بکاو هیچیتر ، بەلکو ئەبی شوینەلاوازەکانو هـەلە کراوەکانیش دەزنیشان بکریو داوا لە هەلبژیرەرەرەکانو ریکخراوەکانی خواروی حزب بکـری دوای لیکولینەوە بیروڕایخویان دەرببڕن.. تاقی کردنەوەکان سەلماندویەتی کە تاوانی هەلەو ناتەواوی گەلیـك لە ریکخراوەکانی خواروی حزب بە تەنیا ناکەویتە سـەرشانی خۆیان بەلکو ئەخریتە سەرئەستوی دەستەی سەرکردایەتی بەرەوژورتر ، چونکو زورتری ئەمهـەلەو ناتەواوییانە هوی کەمتەرخەمی دەستەی سەرکردایەتییە لەدیاری کردنی ئەرکەکانو رون کردنەوەی سیاسەت لە کاتی پیویسـتا !!.. تەنانەت ئەگەر ئەرکەکان دیـاری کرابنو سـیاسەتیش رون کرابیتەوە ، وادیـارە گوێ نەدراوەتە ئەو گیروگرفتانەی لە کاتی ئیشا دینەپیشەوە ، هەندیك جاریش هەلەکان بە هۆی چەوت دیاری کردنی ئەرکەکانو سیاسەت لەلایەن دەستەی سەرکردایەتی بەرەو ژورترەوەیە !... جا کاتیك ئەمە رویدا لێ پرسراوی لە مل دامالینو سوچخستنە سـەر ریکخراوانی خواروو ئەندامو کادرەکان شتیکی راستنیەو ئەبیتە هوی کزبونی بڕواو هەلسوڕانیان، بی گومان ئەبێ لیژنەکانی خواروو ئەندامو کادرەکانیش هەروا لە بەرامبـەر ناتەواویو هەلەکانیانا گیانی رەخنە لە خوگرتنیان تیابێ .

## « پشتگرتنی دەست پیشخەری »

مەبەستی بناخەیی لە دیموکراسی ناوخۆی حزبایەتیدا جلەوشل کردنی دەستپیشکەریو چالاکی ئەندامانی حزبەکەلە راست کیشەی حزبا هەست بەلێ پرسراوی بکەن ، پشتگیری بکرین کە خویان یانوینەریان بیرو رای خۆیان لەسنوری پروگرامی ناخودا دەر ببرن ، بەم هویەوە بەشداری تەقەلاکانی حزب ئەبن بۆسەرکردایەتی گەلو دابینی ناوحزب پیك دێ . تەنیا بەهۆی فراوان کردنوپەرەپێدانیدیموکراسیراستەقینەی ناوخوی حزب ئەتوانرێ دابینی هوشیارانەی حزبایەتی بەهێز بکرێو ناوەندایەتی ناوخوی حزب دابمەزرێنێو دەستەی سەرکردایەتي ئەرکی سەرکردایەتی خۆی بەجێ بێنێ .

## «پەیوەندی سفت لەنیوانی دیموکراسیو ناوەندایەتی دا»

وەنەبێ مەبەست لەرێگاکردنەوە بۆ بەکارهێنانی پلەیێکی بالا لەدیموکراسی ناوخۆی حزبا کزکردنی ناوەندایەتی بی ، هەرگیز ، بەپێچەوانە ، پێك هاتنی پلەی دیموکراسی شان بەشان لەگەل دروست بونی پلەی ناوەندایەتێ دایە. پێویستە پلەی بالایدیموکراسیو پلەی بالای ناوەندایەتی وەهالێك بدرین مویان بەنێوانا نەچێ ، تەنیا بەهۆی بەکارهینانی پلەی دیموکراسی ئەتوانین بگەین بەپلەی بالای ناوەندایەتی وهەرلە پال پلەی بالای سەرکردایەتی ناوەندیی لەسەر دیموکراسی دانراوا پلەی بالای دیموکراسیمان دەست ئەکەوێ . زور هەلەیە واتی بگەین بەکارهێنانی پلەی بالایدیموکراسی ، سەرکردایەتی ناوەندی کزئەکا ... ئەبێ پشتگری دیموکراسی حزبایەتی بکەین هەتابەو ریبازەدا بڕواکە حزبو گەل سودی لێ وەربگرن ، نابێ بێلین ئەم دیموکراسییە ویستی تیکوشانودەستە بەرایەتی خەباتی حزب لاوازبکا یا ببیتە دار دەستی تێکدەرانو کەسانی دوژمن بەحزبو ریز تێکدەرو هەلپەرستوچەقاوەسو... لەژێر سەرکردایەتیکی راستو لەکاتی لەبارانەبێ نابێ دەست بکەین بەلێکولینەوەی سیاستو ریبازی حزب بە وردی ، واتا ئەم ئیشە نابی کوتوپرو لە ناکاو دەستی بدرێتێ ، بەلکو پێویستە دەزگاکانی ناوەندایەتی حزب یا دەزگا خوارەوەکان بەچەشنێکی یاسایی بریاری لەسەر

بدەن ، یازوربەی ڕێکخراوەکانی خوارو یاژورو داوایان کردبێ .

## « بریارەکان ئەبێ بەبێ سیودو جی بەجی بکرین »

راستە کە دیموکراسی ناوخۆی حزب ئەبێ پەرەی پی بدرێ، بەلام بریارەکانی حزب پێویستە بەبێ سێودو جێ بەجێ بکرین. سەردانەواندنی ئەندامانی حزب بۆ ڕێکخراوو ریکخراوەکانی خوارو بورێکخراوی ژورو وکەمایەتي بۆ زوربەو ڕێکخراوەکانی حزب بە تێکرایی بۆ کومیتەي ناوەندی پێویستە بەبێ مەرج بهێنرێتە دێ . هەندێك لە هەڤالان بەجێ هێنانی ئەم فەرمانە ئەبەستن بەهەندێك ئیشەوە وەکو برواکردنیان بەراستی بریارو ئاموژگاریەکان ، یا بەلێهاتویی لێپرسراوەکەیان لە گەل ماوەي ئەندامەتیو رادەی روشنبیری ، یابابزانین لەگەلیانا باش ئەبێ یانا ، یائەویش لەتاقمەکەیخویانەیانا؟ . پێویستە بەئاشکرا بلێین کە ئەم مەرجانە هیچی خۆی نیە !.. هەڤالی باش ئەوەیە لەکاتی پر لەمەترسیدا یا کاتێك ناکۆکی خەست ئەکەویتە نیوانی خۆیو حزبەوە، ئالەو کاتانەدا گیانی دابینێی حزبایەتی بپاریزی ... هەر کاتێك توانی بەبێ مەرجودو دلی ئەوفەرمانانە جێ بەجێ بکا کە خوی بەرهەلستیانە ، ئەوسا بەئەندامێك ئەژمێردرێ کە پایەییکی بەرزی هەیە لەدابین راگرتنو گیانی سەرەتایی دا، ئەندامێکە بەباشی شارەزای باری ناوخۆیەو ئەزانی کە بەرژەوەندی بچوك ئەبێ سەر بۆ بەرژەوەندی گشتی دانەوێنیو هەمو ناکوکییێك لە ،ەرئیشی تایبەتی لە پێناوی بنچینەی هەرە ژورودا بخرێتە لاوە .

## « ناوەندایەتی پیچەوانەی سەردانەواندنی کوێرانەیە »

نابێ بەهیچ جوریك پشتگیری سەردانەواندنی کوێر- انە بکەین بەلکو هان بدەین بۆ هەلسورانیهوشیارانەی دلسۆز ... واتا پیویستە بریارو ئاموژگاریەکان لە گەل باری ناوخودا پیکەوە لێیان بکۆلرێتەوە ، جا کاتێ بومان دەرکەوت کەبریارو ئامۆژگاریەکان هەلەیوای تیایە لە گەلێ باری ناوخودا ناگونجێ ، پڕ کیشی ئەوەمان بیدەزگای ژورو ئاگادار بکەین وداوا بکەین وەزی بگرێتەوە یابیگۆڕێ ، نەك کوێرانە دەست بکەین بەجێ بەجێ کردنی کەکاتو سامانی خەلك بەفیرۆ ئەروا و ئیمەیش لەخەلك پەڕ ئەکەوین ، ئەو ریکخراوەحزبییا- نەی خوارو کەوائەکەن وەنەبی لەفەرمانەکان یاخیبوبن یاناوەندایەتییان تیکدابێ ، بەلکو ئەمانە بریارو ئاموژ گارییەکان بەدلسوزیجیبەجی ئەکەن. ئەندامیدیاری حزب ئەوانەن کەنەك هەرئەتوانن بەسەربەخویی بیر بکەنەوە بەلکو یارەتی دەستەی بەرەوژورتریش ئەدەن بو راست کردنەوەیهەلەو ناتەواوییەکانیان ... ئەمجورەکەسانە بەتایبەتی شایانی پشتگیرین .

## « هوشیاری لەجیبەجی کردنی بریارەکانا »

لەکاتی جیبەجی کردنی بریارەکانی دەزگای بەرەوژورا سێ هەلویست دیتە پیش : یەکەم - لەبریارە کان چی بەدلێ بێ جیبەجێی بکا وچی حەزی لێ نەکا پشت گوێی بخا ، ئەمەپێی ئەلین نامەرکەزیەتی ! ئەم هەلویستە ریگانادری بەکار بهینری هەرچەندە بڕو بیانوشی بوبدۆزیتەوە . هەلویستی دووەم جی بە جی کردنی بریارەکانە بەمیکانیکیو کوێرانە بێ ئەوەی بیر لەوەبکریتەوە ئاخو ئەم بریارو ئاموژگارییانە شایانی جیبەجی کردنەیانا ! ئەمە جیبەجی کردنیکی ناراستو کوێرانەیە ونابی ریگای بدریتێ . هەلویستی سییەم - لیکۆلینەوەی بریارو ئامۆژگارییەکان لەلاییك وباری ناوخو لەلاییکی ترەوە ، ئەمجا کامەی راستە بی جی بە جی بکری وکامەی هەلەیە دەزگای بەوەوژورتر ئاگادار بکرێ وهویەکان بەدریژی دەزنیشان بیێو داوای راست کردنەوەیان بکرێ . ئەمەیان شیوەییکی هوشیارانەو راستەو پەسندە ئیمە پیویستە بە هەمو جوریك پشتگیریئەم چەشنە لێ هاتویی وتوانای دروستکردنی هەڤالانمان بکەین .

## «دابین تیکدان زیان بە حزب ئەگەیینی»

حزب دژی دابین تیکدانو نامەرکەزی ئەوەستێ ، بەلام یارمەتی هەمو ئەندامیك ئەدا بوچارە سەرکردنی گیروگرفت وئیش راپەراندن بە چەشنێکی سەربەخۆ لەژیر ئاراستە کراوی گشتی حزبدا . لەسەر دەستەی سەرکردایەتی پیویستە ماوەی ریکخراوەکانی خواروو ئەندامان بدا کەپیشنیارو پرسیارەکانیان بخەنەروو بتوانن داوای گۆرینو دەسکاری ئەو بریارو ئاموژ گارییانە بکەن کە هەلەو کەموکوڕییان تیادەر ئەکەوێ ، ئەگەر پیشنیارەکەی ریکخراوی خوارو راست نەبێ پیویستە بوی رون بکریتەوە هەتا بیری خوی راست بکاتەوە ، هەرگیز نابی بریاری زبرو توندو تیژ دژیان وەر

بگیری ... لەدوای داواکردنی دەسکاری بریاریك ئەگەر دەستەی بەرەوژور سور بو لەسەر جیبەجی کردنی بەبی گوران ، ئەوا چارنیە ئەبی جیبەجی بکری وریکخراوەکانی خوارودەست لەپیداگرتن وبەر بەرەکانی بریارەکە هەلبگرن ... دابین لەحزبا لەسەر بەقسەکردنیکی وریایانە دانراوە نەك مەکینە ئاسایی کە ریگای دەست پیشخەری ئەندامان بگری ، پیویستە لەنیوانی دابینی ئەندامان ودەست پیشکەری کردنیانا هاوکاری هەبێ .

## « گرنگی بلاو کردنەوەی بلاو کراوەکانی پارتی »

ریکخراوی حزبی لە هەر پایەییکابی پیویستە ئەو بلاو کراوانەی لەژیر ئاراستە کردنی خویایەتی تەرخانیان بکا بو بلاوکردنەوەی بریارو سیاسەتی ریکخراوەکانی ژوروو دەستەی ناوەندایەتی ، ئەمەشتیکە یەکیتی حزب ئەیسەپینێ . بریارو سیاسەتی کومیتەی ناوەندیو ریکخراوە ژوروەکانی تری حزب ئەبی لە هەمو شوینیکا جێیان بو بکریتەوەو نابی ریگابدرێ بیروباوەری پیچەوانەی ئەو برەوبدرێ .

لەبارەی ئەوشتانەوە کە هاوولاتیانەیە پروگرامی ناوخوئەلی : هەتا بەیانیك یا بریاریك لە کومیتەی ناوەندییەوە دەرنەچێ هیچ ریکخراویکی خواروی حزب یا ئەندامی لیپرسراو نابی رایخویان لەبارەیەوە دەربرن یا بریار دەرکەن ، بەلام ئەتوانن لە ناوخویانا لی ی بکۆلنەوەو پیشنیارەکانیان بنیرن بو کومیتەی ناوەندی... ئەمە بو پاراستنی یەکیتی حزب ناچارییە.

## « حزب بو هەرکیشەییك یەك هەلویستی ئەبی »

بوکیشەییکی بناخەیی حزب بەتیگرایی لەیەك هەلویست زیاتری نابیو تەنیا یەك رای هەیە بەرامبەری. ئەوکیشانەی هیشتا نەبراونەتەوەو بلاوکردنەوەیان تەنیا بەدەست کومیتەی ناوەندییە ، نابی ریکخراوەکانی لە دەسەلاتی خویان تیپەرنو رایخویانی لەسەر دەربرن لە جیاتی کومیتەی ناوەندی .

بەبێ پەسندی کومیتەیناوەندی هیچ سەرکردەییکی لیپرسراو تەنانەت ئەندامانی کومیتەی ناوەندیش ناتوانن رایخویان لە بارەی کیشەییکی ولاتی بلاوبکەنەوە ، بویان هەیە لە کوبونەوەی لیژنەکانی حزبی دا لی ی بکولنەوەو پیشنیارەکانیان بدەن بەکومیتەی ناوەندی .

نابێ نە لە ناوحزباو نە لەدەرەوەدا رایيك بلاوبکەنەوە کەهیشتا کومیتەی ناوەندی پیی نەزانیوە ، ناتوانن ئەم جورە رایە لەناو لیژنەکانی خواروودا بلاوبکەنەوەو پەسندیان بکەن.. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەگەر ئەم رایەیان پیچەوانەی رایەك بی کە کومیتەی ناوەندی هەیەتی ، ئەوسا کاریکی خراپ ئەکاتە سەر حزب لە ناوخەلکا. بەلام بوکیشە ناوخوییەکان پیرەوی ناوخو ریگای داوە بەریکخراوەکانی خوارو کەبریاری سەربەخو وەربگرن بە مەرجیك ئەوبریارەیان لەگەل هی کومیتەی ناوەندیو ریکخراوەکانی ژوروداپیچەوانە نەبێ.. بوئەم مەبەستە ئەبی دەزگای ژورو هەتا ناچارنەبێ خوی لە بریارەکانی لیژنەی خوارو هەل نەقوتینێ ، هەرکاتیك دەزگای ژورو بەپیویستی زانی هەندیك پیشنیار بدا بەلیژنەکانی خوارو بو ئەوەی ئیشەکانیان باشتر بروا بەریوە ، ئەبی پەسندکردن یا نەکردني ئەو پیشنیارانەی ژورو بدریتە دەستی لیژنەکانی خوارو خویان .

هیشتا پارتیمان لەگەلیك شوینا بە نهینی ئیشئەکا ، ریکخراوەکان لەباری ئاوادائەبی شیوەییکی تایبەتییان ببی بو ئیشکردن ، چونکو شیوەی ئاشکرای حزب لەگەل هی ریکخراویکا ریك ناکەوی کە بە نهینی ئیش ئەکاو ئەبی دەسکاری بکری .

ئەوەیهیجگار پیویستە: ئەوسەرەتایانەیلەپروگرامی ناوخودا لە بارەی ریکخستنەوە دانراون ئەبی حزب بیان هینیتە دی ، بەلام شیوەی ئیشکردنو هەلسورانی حزب ئەبی بە پیی بارو بەسەرهات بگۆردرێو دەسکاری بکری .

---

### پاشماوەی لەبارەی کادرەوە

رەخنەکەی پیشان بدا بو ئەوەی لای ژورو ئاگاداربنو فەرمانەکەیان راستبکەونەوەو ئەو شتانەی لێ فری بدەن کە لەگەل روداوی ناوچەکەدا ناگونجێو لەگەل بەرژەوەندی پارتیدا ریك ناکەوێ .

لە ژمارەکانی داهاتودا خالەکانی تریش رون ئەکەینەوە .

# شی کردنەوەی پیرەوو پرو گرامی ناوخو

**بەندی (٢)** پارتیمان پارتیکی دیموکراسی پیشرەوو شورشگیرەو نوینەری بەرژەوەندی کریکارو جوتیارو کاسبکارو خاوەن پیشەو روشنبیرانی شورشگیرە لە کوردستانی عیراقـدا .

کاتی کە بەندی‌یەکی پرۆگرام مان لەژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە داباسکرد ، رونمان کردەوە کەمانای گشتی‌ی دیموکراتی لەگەل ئەولایانەی پەیوەندی راستەو خویان بەپارتیمانەوە هەیە، هەروهاواتاکانی سیاسی‌و کومەلایەتی‌ئەودیموکراسی‌یەمان دیاری کرد کە پارتیمان لەسەری ئەروا ، بۆیە بەپێویستی نازانین دوپاتەی بکەینەوە ،

مەبەستمان لە پێشرەو چی‌یە ؟..

.پێشرەو لەهەمو شتێکا بە پێشەنگ‌و پێشەکي ئەوترێ ، واتا ئەوانەی لە پێشەوە ئەرون ، حزبي پیشرەو بریتي‌یە لە حزبێك کەساني وریاو ئەنداماني زۆر تێگەیشتو لەرێزەکانیا بێ ، تازە ترین‌و کاریگەرترین زانستي رەچاو کردبێ بۆ نوێ کردنەوەی کۆمەلایەتي، سیاسەتەکەی ئاوات‌و ئارەزوی زوربەی خەلك بنوێنێ، روبەروی گیرو گرفتە بناخەیي‌یەکاني ولات بوەستێ‌و لە هەر قۆناخێکدا جۆرە چارەیێکی بۆرەچاو بکا، لەکۆری خۆ بەخت کردن لە پیناوی گەل‌و نیشتمانا لە پیشەوە بێ.

پارتیمان‌وەختێك ئەم ئاوەلناوەی بۆ خـۆی هـەلبژارد ، کۆکردنەوەی ئەم هەمو رەوشتانەی گرتە بەر چاو کە وەکو سەرکردەیێکی فیداکار پێش گەلی کورد بکەوێ‌و ریگای بو رون بکاتەوەو بچێ بەگژ دوژمنانیاو خۆی بکاتە قەلخانی تیرو گوللە بۆی ... پێشرەوی تەنیا بەخۆ هەلکیشـان‌و قسـەی زلو دروشم بەرزکردنەوە پێك نایەت ، وەکو ئەمرۆ هەندێك کەس‌هەلوێستی پر لە شورەیي‌خۆیاني پێ‌دائەپۆشن .

بۆنمونە : جاشەکانی شەست و شەش لەلاپەرە شرە کەسـاسەکەیانا ئەلین ئیمە پیشرەوین !!.. لەکاتیکا ئەم‌لاپەرەشرەیان لەسوپاس‌و کرنوش وپیاهەلخوبندنی‌دیکتاتوریتی‌عەسکەری شوفینی راناوەستێ وسەر بۆخیرو بەرەکەتیان شوڕ ئەکاتەوە ، جا هەر لەحکومەتی ناجـی تالبەوە بگرە تا ئەگاتە سەر ئەورەحمان عارف وتاهیر یەحیاو دواییش‌ئەم دەسەلاتی بەعسیانەی ئیستا ... بیگومان هەر حکومەتیکی تریش‌بێ وکرێیان بـداتی چی‌یان بۆئەمان کردوە بۆئەویشی ئەکەن !. ئەم پیشرەوی (!!) یەیان ریگای ئەوەی‌لی‌نەگرتون کەلولەی تفەنگ ئاراستەی گەلەکەی خۆیان‌و شورشەکەی بکەن ومزەی‌ئەم‌حیانەتەیان لەدایرەی ئەمن‌و ئیستخبارات وەر بگرن .

شـورشـگیر کەسیکە بروای بە شورش وشورشگیری ببێ بۆ گۆڕینی سـیاسـەت وئابوری وکۆمەلایەتی . هـەندیك جـار گـۆڕینەکە ئەوەندە قوول‌و کاریگەرە ئەگەر توندو تیژیشی لەگەلا بەکار نەهینرێ هەر پی‌ی‌ئەوترێ‌شورش ، بەلام‌بەتیگرایی شورش‌و شورشگیری ئەوەیە کەتوندو تیژی لەگەلا بێ . پارتیشمان بروای بەم شـیوەیە هەیە ئەگەر فەرمانرەواکان بەئاشـتیخوازانە گوێ نەدەنە داخوازی‌یە بناخەیی‌یەکانی گەل . شورشی ئیستای ئیمە باشترین نمونەی شورشگیری‌یە ... پیویست ناکا لەمە زیاتر شورشگیری باس بکەین چونکو لەژمارەی‌پیشـوەمانا بەتەواوی لی‌ی دواوین .

لە کومەلایەتی‌یە دواکەوتوەکانا جوتیاران دوولەسێ‌ی کۆمەلایەتین ، بەلام لە کوردستانی عیراقا کە نەپاتەخت هەیەو نەپیشە سـازی‌ییکی نیشتمانی‌ی خومانە ، پرۆژەی پیشـەسازی میریش زورکەمە ، تەنانەت لە پروژە زلەکانیشـا وەکو کومپانیای نەوت کریکاری کورد دەرئەکرین‌و هی تر لەشوینیان دا ئەنرێ ، بەم بونەیەوە ژمارەی جوتیاران ئەگاتە ٧٠٪ ی دانیشتوان ... جوتیارانی کوردستان هەژارورەنج کیشن‌ولەژیر چەوساندنەوەدوقۆلی یەکەی چینایەتی‌و نەتەوایەتی دا ئەنالینن، لەهەمان کاتیشا یبری نیشتمانخوازی‌و پیشکەوتویی لەناویانا بلاوبوتەوەو بەجوریك ریشەی داکوتاوە کە هیچ گوندیکی کوردستانی عیراق نیە شانەوئەندامی پارتي دیموکراتي کوردستانی تیا نەبێ ... سەرەرای ئەمەش زوربەی

زوری پێشمەرگەکانمان لەچینی جوتیارانن .

بەلام کرێکار لە کوردستانا ژمارەیان لەچاوژمارەی کرێکارانی عیراق بەپێی دانیشتوانی ولات کەمە. ئەوەش لەبەر هەمان هۆیەکانی سەرەوەیە، لەگەل ئەوەشا کرێکارانی کورد گیانێکی بەرزی نیشتمانپەرستی یان هەیە ، لە خۆفرۆشانیان هەلداوەو پشتیان کردوتە ئەو تەقەلایانەی دیکتاتورەکان داویانە بۆ لادانیان لە ریبازی تیکوشانی گەلەکەمان . نەك هەرئەمە بەلکو بەهەزاران کریکاری کورد بە هۆی خەباتی نیشتمانی یەوە ئیشیانو چاوگەی ژیانیان لەکیس چوە... پارتیمان پالپشتێکی گەورەی لە رێزی کرێکارانا هەیە ، چونکو ئەوان بەهوی ئەو کەرەسەی بەرهەمانەوە کە ئیشی لەسەر ئەکەنو لە بەر ئەو چەوسانەوەی نەتەوایەتی ی لەبەری ئەنالێنن ، بونەتە چینێکی وریاو یەکگرتوی شورشگێر .

کاسبکاران تاقمێکی بەرفراوانی کومەلایەتی کوردن بە تایبەتی لە شارو نیمچە شارەکانا . ئەوانیش وەکو تاقمەکانی تری گەلی کورد توشی چەوسێنرانەوەی دوقۆلی هاتون ،جگە لەوەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی گشتی ئەیانگرێتەوە لە چاوگەی بەرِی چونیشا لەلایەن بورجوازی عەرەبو حکومەتەوە بەربەرەکانی ئەکرێن ... سەرەرای گەمارۆی تەواوی ئابوری لەکاتی شەراو ئەوجارِز کردنانەی لەکاتی وتو وێژەوە هەتا ئێستا لەرێگایان دانراوەو ناهێلێ ببوژێنەوە ، حکومەت بەخۆیو دەزگاکانیەوە کە شەقلیرەگەز پەرستی یان لێدراوە بەربەرکانی بازرگانو کاسبکارەکانی کورد ئەکەنو دەرفەتی چونیەکیان نادرێتێ لەگەل ئەوانی ترا ، نەك هەر ئەمە بەلکو گەلێك جار گالتە بەخۆیانوجلوبەرگە کوردیەجوانەکەیان ئەکرێ !!.. بۆ نمونە : ئەو شتابەی حکومەت ئەیانفرۆشیو لەبەغداوە ئەنیردرێ بۆ لیواکان . راستەوخۆ نانێری بو هەولیروسلەیمانی بەلکو لە موسلەوە ئەیاندرێتێ ، ئەوە بۆ ئەوەی بورجوازی یە عەرەبەکانی موسل نەك هەر دەست بەسەر ئابوری کوردەکانی موسلا بگرن بەلکو هی هەولیرو سلەیمانیشیان بخریتەژێر دەستەوە!!.. نمونەیەکی تر : تەنەکەی نەوت کە هیمیری یەونرخی لە سێ چوار پەنجایی تێ ناپەرێ ، لەکاتی شەرا لەسلەیمانی دا نرخی لەیەك دینار تێ پەری بو !!. بەتێکرایی کاسبکاری کورد بەشی خوی لە تێکۆشان لەپێناوی مافەکانی نەتەوایەتیو دیموکراسی گەلی کوردا پێشکەش کردوە ، بەهەزارانیان لەرێگای کوردستانا خرانەتە بەندو گرتوخانەوە .

شایانی باسە لیرەدا بە درێژی لە رۆشنبیرە شورشگێرەکان بدوێین ، (روشنبیر) بەواتای جیاجیا لێك ئەدرێتەوە ئێمەلیرەدا مەبەستمان لە روشنبیر تاقمی (خویندەوار) ە ئەم تاقمە کراوە بەسێ کەرتەوە ، کەرتی یەکەم ئەوانەن کەلەجولانەوەی ئازادیجوازیدا بەشدارنو پالیان داوە بەشورشی کوردەوە ، زوربەی زۆری ئەوانەی لەسەر کردایەتی دانو کادری پارتینلەم کەرتەن ، دەستەی خوێندەوار کەهاتە کۆری تێکوشانی نیشتمانیەوە بەهۆی زانستو تێگەیشتنو توانایەوە ئەتوانی ئەرکی وا پیك بێنی کە تاقمی چینەکانی تر لەو وزەیانا نیە . کەرتی دوەم ئەوانەن کە بێ لایەن وەستاون ، هەرچەندە بێلایەنی یەکەیان بەتێکرایی بە دەنگەوە هاتن «ئیجابی» یە، چونکو لەبەر ئەوە بێلایەنن کەئەوشوێنانەی تیا ئەژین لەژێر دەستی میریدایە، ئەم بێ لایەنانە بگەنەهەر شوێنێکی ئازادکراودەز بەجێ ئەبن بەلایەنگیری شورشو پارتی . کەرتی سێیەم هەر چەندە کەمایەتینو لەگەل پەرِ کراون بەلام نوێنەری رێژنەی خیانەتن ، تاقمێکی خۆ فرۆشن خزمەتی دوژمن ئەکەنو دژی گەلەکەیانو ئاواتە نیشتمانی یەرەواکانی ئەوەستن . ئەم کەرتە لەسەر پاشماوەی دیکتاتوری ئەژیو فەلسەفەی خیانەت ئەهوننەوە کە گەلی پێ بخەلەتێننو سەرلەخەلك بشێوێنن .

پارتیمان پشت بە روشنبیرە شورشگیرەکان واتاکەرتی یەکەم ئەبەستێ وتەقەلاش ئەدا کەرتی دووەم بەتەواوەتی راکیشێ ، بەلام بەربەرەکانی کەرتی سێیەم ئەکا چونکو ریژنەی ناپاکین و لەکاتی شەرِو ئاشتیدا مەترسییان هەیە ... نابێ بە هەلخەلەتاویان دابنیین ، بەلکو تاقمیکن خویان بەپارە بەدوژمن

بروانە لاپەرە ١١

# بو خوینەرە بەریزەکانی کادر

ناوبەناو نامەمان بۆ دێ لە هەندێك ئەندامو کادرەکانەوە ، گلەیی ئەگەن کە گوایا برێ لە نوسراوەکانی ئەم گوڤارە رەقەو بەباشـی تێ ی ناگەن ، پێ یـان وایە رادەی نوسینەکان لە پلەی توانای سـیاسیو فکری ئەوان بەرزترە . لەبـەر ئەمە تکا لەم برایانە ئەکەین ، ئەو نوسینانەمان بۆ دیاری بکەن کە تیگەیشتنو چونە میشکەوەیان لای ئەوان ستەمەو بە نامە گۆڤارەکەمان ئاگادار بکـەن بـۆ ئەوەی زیاتر ئەم جورە باسانە شی بکەینەوەو بەپێی توانا ئاسانیان بکەین .

بەلام لەهەمان کاتیشـا داوا لەم هەڤاڵانەمان ئەکەین کە پتر خویـان بەخوێندنەوە ماندو بکەن ، نەك هەر بو تیگەیشتنی کادر بەلکو بـۆ پەرەدان بە روشنبیری یان ، چونکو پەخشـەمەنی یەکانی پارتی ئاراسـتەو رابەرن بو روشنبیری یەکی بەرفراوانتر .